# ڕاپۆرتێك سەبارەت به خۆپیشاندانەکەی پارێزگای سلیمانی

ئێمە دەستەیەك لە لە ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران و کۆمۆنیستەکان لەبەرواری 2007/10/17 هەستاین بەخۆسازدان بۆ ئامادەکاری خۆپیشاندانێکی جەماوەری دژ بە لەشکرکیشی تورکیا ،دوای پەیوەنـدی گـرتن لەگـەڵ چـەندین کەسـی ئـازادیخواز ، لەبـەرواری 2007/10/18 لەشکلی کۆمیتەیەك بەرەیەکمان دروست کرد بەناوی ( بـەرەی جـەماوەری کوردسـتان دژ بـە لەشکرکێشـی سـوپای تورکیا ) وە لەڕۆژی 2007/10/19 بڕیاری خۆپیشاندانێکماندا کە لەڕۆژی 2007/10/21 ڕۆژی یەك شەممە لەکاتـژمێر 11ی سەرلەبەیانی لەبەردەرکی سەرا بەرێبکەوی بۆ پارکی نالی نزیك کارگەی جگـەرە ، وە دوای چـەند ڕۆژ ئیشـکردن لـەو بـەروارەی کـە لەسەرەوەدا هاتووە خۆپیشاندانەکە زۆر بەسەرکەتوانە ئەنجامدرا ،سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان تـەوجیهاتی دابو بە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی و چەندین داوائیری تر کە بـەژداری ئـەو خۆپیشـاندانە نەکـەن و وە هـیچ یـەکێك لـە حیزبـە ئیسلامییەکانیش بەژداری نەکرد لەخۆپیشاندانەکەدا جانازانم سەبەب دڵسۆزییان بوو بۆ حکومەتە ئیسلامییەکەی ئەردۆغان یاخود نا وە سەرەتا ئیمە لەبەردەم زانکۆی سلێمانییەوە بەرێکەوتین بۆ بەردەرکی سەرا و دواتریش بـۆ پـارکی نـالی ،وە جـەماوەرێکی زۆر لـە خەڵکی ئازادیخوازی پارێزگای سلێمانی و وە چەندین کەسی تر کە لە دەربەندیخان و لە عەربەت و لە دەوروبەری سلێمانییەوە هاتبون و بەژداری خۆپیشاندانەکە بون ، کە نزیك بە ( 2500تـا 3000 ) کـەس دەبـوون بـەژداربووانی خۆپیشـاندانەکە ، بۆیـە جێگـای خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەوکەس و لایەنوو ڕێخراوانە بکەین کەبـەژداری خۆپیشـاندانەکەبون لەگەڵمانـدا ، وە ئیمـە وەك ( بـەرەی جەماوەری کوردستان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا ) بەم خۆپیشاندانە سەرکەوتوە کۆتای بە کارەکانمـان نایـەت ، بـەڵکوو لـە هەرئاڵوگۆرو و هەلومەرجێکی تردا بەکاری جەماوەریانە هەر جۆرە هەڕەشەیەکی سوپا سەرکوتگەر و کۆنە پەرەستە ئیسلامییەکانی وەك تورکیـاو ئـیران مـەحکوم و ریسـوادەکەین ، وە ماوەتـەوە دوبـارە بڵـێن دەستخۆشـی بـۆ هـەموو ئـەو کەسـانەی بـەژدارییان کـرد لەخۆپیشاندانەکەدا و وە دەستخۆشیش لەو ماڵپەڕ و tv ڕادیۆیانە دەکەین کە بانگەوازی خۆپیشاندانەکەیان بۆ بڵاو کردینەوە .

وە بەرەی جەماوەری کوردستان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا لەم کەسانە پێك هاتبوون

1. ئاکۆ خەلیل
2. زمناکۆ عەزیز
3. ڕێبین فاروق
4. نزار محمد
5. مەهدی کامیل
6. بەمۆ صلاح
7. فرمان خێلانی
8. ووشیار عبدالرحمن
9. خالید عومەر
10. سێوە خەلیل
11. ئاواز حمە امین
12. سۆران عومەر
13. ئاراس عەلی
14. کمال محمود
15. دڵشاد صالح
16. ئالان عبدوولا
17. کارزان صدیق

ڕێبین فاروق لە : بەرەی جەماوەری کوردستان دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا

2007/10/21